# ئیسلام لەدیدی مارتن لۆتەر

**چیا جوهر عمر** [١]

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

مارتن لۆتەر( نوسەرو شارەزای بواری لاهوت و مامۆستای زانکۆ و پیاوی ئایینی و ڕێبەری ڕێبازی پرۆتستانتی) یەکێکە لە دیارترین و کاریگەرترین کەسایەتییەکانی سەدەی شازدە لە ئەوروپادا، هەر بەناوهێنانی ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ چاکسازییەکانی لەناو ئایینی مەسیحی و بەرەنگارییەکانی پاپا دەچێت، لایەنە جیاوازو بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی ئەو وایکردووە، لەچەندین بواری جۆراوجۆردا توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت. ناونیشانی توێژینەوەکەی ئێمەش، کە بریتییە لە ( ئیسلام لە دیدی مارتن لۆتەر)، هەوڵێکە بۆ دەرخستن و پیشاندانی تێڕوانینەکانی لۆتەر بۆ لایەنە جیاوازەکانی ئایینی ئیسلام، بەپشت بەستن بە دەقی نوسین و وتارەکانی خۆی، لەگەڵ گەڕان و وردبونەوە لەهۆکارەکانی پشت ئەو وێنا جیاوازو توندانەی کە هەیبوو بۆ ئیسلام. بەنزیکبونەوەی هێرشەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڤیەننا لەساڵی ١٥٢٩ز دا لۆتەر بەتەواوی هەست بەمەترسی ئیسلام دەکات و دەست دەکات بە دژایەتیکردنی ئەم مەترسییە، ئەویش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی کتێب و وتاردان بۆ خەڵك ناساندنی ئەو مەترسییە، تۆمەتبارکردنی پاپا و پیاوانی ئایینی وەك هۆکاری دروستبونی ئەم هێرشە و وەك مەترسییەکی گەورەی ناوخۆیی سەیری دەکردن، لەهەمان کاتدا ترسێکی گەورەی هەبو بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی و وەك مەترسی دەرەکی و هۆکارێك بۆ لەناوبردنی دەوڵەتە مەسیحی نشینەکان و لەڕێلادانی باوەڕیان سەیری دەکردن، ، ئامانجی سەرەکیشی لەم کارەدا پاراستنی کۆمەڵگەی مەسیحی بو لەم دو مەترسییە، بۆیە دەکرێت ئەم بابەتە ببێتە تەوەرێك بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** دیدگە، ڕۆژهەڵات، مارتن لوتەر، ئایین، ئیسلام

## ١. پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە بابەتی ڕۆژهەڵاتناسی یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی مێژو، بەهۆی ئەوەی قسەکردنە لەسەر ئایین، بەتایبەتی بابەتە هەستیارو قەدەغەکراوەکانی ناوی و داب و نەریتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، ئەوەی قسە لەسەر ئەم بابەتانەش دەکات ڕۆژئاوایە، کە زۆرینەی کات ئەم وێنایەی کردویەتی جێگای قبولکردنی ڕۆژهەڵات نەبووە و گفتوگۆی دورو درێژ وململانێی توندی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەم تێڕوانینانەش لە ئەنجامی بەریەککەوتنی سەربازی و کلتوری مەسیحی و ئیسلام بەپێی تێپەڕبونی قۆناغە مێژوییەکان کەڵەکەبووەو دروستبووە، زۆرجاریش وێنای ڕۆژهەڵات لەلای ڕۆژئاوا بەپێی سەردەم و بارودۆخە جیاوازەکان گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە.

مارتن لۆسەریش یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کۆمەڵێك تێڕوانین و وێنای جیاوازو تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵات(ئیسلام)، کە دواتر ئەم تێڕوانینانەی ئەو لەناو تەواوی ئەوروپا و جیهانی مەسیحی بڵاوبونەوە، تا سەردەمانێکی زۆر دواتر کاریگەری گەورەیان دروستکرد، چونکە ئەو بارودۆخەی لۆتەر تێیدا ژیاوە قۆناغی بەریەککەوتن و ڕوبەڕوبونەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەر بەشێکی زۆری ئەوروپادا گرتبو، ببووە مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆسەر تەواوی ئەوروپا و باوڕدارانی مەسیحی، لۆتەریش وەك کەسایەتییەکی ئایینی هەوڵیداوە، ڕوبەڕوی ئەم مەترسییە ببێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی ئایینی ئیسلام و بەشەیتانیکردنی (تورك) و پیشاندانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی وەك دڕندەو ترسناك، بۆ دروستکردنی کۆ دەنگی و بەربەستێك لەبەردەم ئەو مەترسییە گەورەیەی هێرشیکردۆتە سەریان.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە: پێشەکی و دەروازەو سێ تەوەر، دەروازەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دو خاڵ، خاڵی یەکەم: باسمان لەژیان وکەسایەتی لۆتەر کردووە، لە خاڵی دووەمیشدا: هەوڵمانداوە، پوختەیەك لەبارەی بارودۆخی ئەوروپا لەسەدەی شازدە بخەینەڕو، تەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتکراوە بە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٤ ئاب ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ١٦ تشرینی دووەم ٢٠٢٢
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٣١ کانوونی یەکەم ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: chia.jawhar@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ چیا جوهر عمر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC 0
BY-NC-ND 4.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp38-48

هاوشێوەبونی پاپا و تورك لای مارتن لۆتەر، كە لەوێدا لۆتەر دەیەوێت پێمان بڵێت: مەترسی پاپا و تورك یەك ئەندازەیە بۆ لەناوبردنی ئایینی مەسیحی.

تەوەری دووەم: بریتییە لە وێنای لۆتەر بۆ جەنگ، كە لە دوخاڵی سەرەكی پێكهاتووە، لە خاڵی یەكەمدا: هۆكارەكانی ڕەتكردنەوەی جەنگی خاچیمان باسكردووە لەلایەن لۆتەر، لە خاڵی دووەمیشدا: مەرجەكانی جەنگمان خستۆتە ڕو لە دیدی لۆتەرەوە، تەوەری سێیەم و كۆتایی توێژینەوەكە: تەرخانكراوە بۆ تێڕوانینی لۆتەر بۆ هزری ئیسلامی، كە خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە، خاڵی یەكەم: قسەكردنە لەبارەی قورئان و تێڕوانینی لۆتەر بۆی، لە خاڵی دووەمیشدا: تێڕوانینی لۆتەرمان لەبارەی پەیامبەری ئیسلام(محمد) باسكردووە، خاڵی سێیەم و كۆتایی توێژینەوەكەش قسەكردنە لەبارەی تێڕوانینی لۆتەر بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان بەگشتی، كە چۆن هەوڵیداوە، ڕەخنە لە كۆمەڵێك بابەتی هەستیار بگرێت، كە لەلایەن موسڵمانان پیرۆزە و پەیڕەوی لێدەكەن، وەك قسەكردن لەبارەی پەیامبەریەتی محمد و جیهاد و... هتد.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە دەستمان بە زۆرترین نوسین و وتارەكانی لۆتەر بگات ، كە لەبارەی ئیسلامەوە نوسیونی، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێژەیەكی باش لە وێنای لۆتەر لەبارەی ئیسلامەوە هەڵهێنجین، ئەمە جگە لەوەی لەناو نوسینەكانی خۆیدا بەدوای هۆكارەكانی دروستبونی ئەم وێنا ناشیرنەی ئیسلام بگەڕێین، كە ئەمە كرۆكی سەرەكی بابەتەكەمانە و بەپشت بەستن بە میتۆدی شیكردنەوە و بەراوردكاری خاڵە لێكچو جیاوازەكانی لۆتەر لەگەڵ ئەوانیتردا بخەینەڕو، هەر لەبەر ئەمەشە لە زۆرترین شوێندا ئاماژەمان بە كتێبەكانی خۆی كردووە.

## ٢. ژیانی مارتن لۆتەر و بارودۆخی ئەوروپا لەسەدەی ١٦

### ١- ژیانی مارتن لۆتەر

مارتن هانس لۆتەر Martin Hans Luther) لە دێیەك بەناوی (ئیسیبیلین) لەناوەڕاستی ئەڵمانیادا (Bainton، w.d، ١٧) لەدایك و باوكێكی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی و خێزانیكی هەژار لە ساڵی (١٤٨٣ز) لەدایكبووە(Marty، ٢٠٠٤، ٣). باوكی لۆتەر لە مانگی مێی ساڵی(١٥٠١ز) دەینێرێت بۆ زانكۆی (ئێرفۆرت Erfurt) بۆ خوێندنی لاهوت و فەلسەفە(Bainton، w.d، ١٧)، بەهۆی هەبونی ژمارەیەك مامۆستای میانڕەو و بەناوبانگ لەم زانكۆیەدا، كاریگەری تەواویان لەسەر لۆتەر دروستكرد(الخضري،د.ت، ٢٥؛ السباتين،٢٠١٩، ٣٩٩).

لەساڵی (١٥٠٥ز) بڕوانامەی ماستەری لە هونەرە ئازادەكان بەدەستهێنا(Bainton، w.d، ١٧) و لەهەمان ئەو زانكۆیەدا وانەی دەوتەوە و لەسەر داوای باوكیشی خەریكی خوێندن بو لەبواری یاسا، بەڵام لەناكاو لە (٢ یۆلیۆی ١٥٠٥ز) وازی لەكارەكەی هێناو گەڕایەوە ماڵەوە، بڕیاریدا ببێتە ڕاهیب(هندریكس،٢٠١٤ ، ٢٩)، پەیوەندیكرد بە دێری ڕەبەنانی ئۆگستینی، ئەم بڕیارەشی بووە هۆی توڕەبونی باوكی(الخضري،د.ت،٣٣)، بەڵام ئەو سوربو لەسەر خواستەكەی و دەستیكرد بە خوێندنی (ثیۆلۆجیا)، لە (١٩ی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٥١٢ز) دكتۆرای لەو بوارەدا بەدەستهێنا(Bainton، w.d، ١٧)، پاشان لە زانكۆی(ویتنبیرگ Wittenberg) دەبێتە مامۆستای بابەتی ثیۆلۆجیا، لەم ماوەیەشدا بەقوڵی خەریكی خوێندنەوەو گەڕان بو دەربارەی ئایینی مەسیحی و كردەوەكانی پیاوانی ئایینی، لەسەروی هەموشیانەوە پاپا، دەستدەكات بە ڕەخنە گرتن لە بابەتی پسولەی لێخۆشبون و دەسەڵاتی ڕەهای پاپا و لەساڵی(١٥١٧ز) بەشێوەیەكی كرداری هەنگاو دەنێت بەرەو ڕیفۆرم و دواتر ڕێبازێكی نوێ لە نێو ئایینی مەسیحی دروستبو، كە بە(پڕۆتستانت)ناسرا، ئەم ڕێبازە نوێیە لە نێو بەشێكی زۆری باوەڕدارانی ئایینی مەسیحی لە ئەوروپا بڵاوبۆوەو بیروباوەڕەكانی لە دوتوێی چەندین كتێب لەچاپدران و وەرگێڕدرانە سەر چەندین زمان و بڵاوكرانەوە(Marty، ٢٠٠٤، ١٩، ١٠٢).

لۆتەر لەماوەی ژیانیدا بەدەیان كتێب و وتاری جۆراوجۆری لە بوارەكانی لاهوت و سیاسی و ئایینە جیاوازەكان نوسی و كاریگەرییەكی گەورەیان بەسەر كۆمەڵگەی ئەوروپی بەجێهێشت، تا كۆتاییەكانی تەمەنی لەزانكۆ وەك وانەبێژ بەردەوام بو، تاكو لە (١٨ فێبریەری سالی ١٥٤٦ز) كۆچی دواییكرد(السباتين،٢٠١٩، ٤٠٠).

### ٢- بارودۆخی ئەوروپا لەسەدەی ١٦

لە كۆتاییەكانی سەدەكانی ناوەڕاست، لە ئەوروپادا بزوتنەوەیەك هاتە ئاراوە، كە پێی دەگوترێت ڕێنسانس، لە گرنگترین بنەماكانی ئەم بزوتنەوەیە هەوڵدانبو بۆ گەڕانەوە بۆ قۆناغەكانی پێش دەستپێكی سەدەكانی ناوەڕاست، بەتایبەتی پشت بەستن بەسەرچاوەو نوسراوەكانی یۆنانی كۆن و گەڕانەوە بۆ بنەما سەرەكی و سەرەتاییەكانی كاتی سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی، ئەم بزوتنەوەیەش لە هەر وڵاتێك خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبو، بۆنمونە لە ئەڵمانیا، كە بابەتی سەرەكی ئێمەیە، زۆرتر گرنگی بە چاكسازی لە نێو ئایینی مەسیحی دەدرا(جواد، ٢٠١٣، ٢٠-٢٢)، بەهۆی ئەوەی ئایینی مەسیحی لەم قۆناغەدا بەتەواوی لە بنەما سەرەكییەكانی خۆی لایدابو، كە پێشوتر بە ئایینی چینی هەژاران ناسرابو، خەڵكانێكی زۆر بۆ ڕزگاربون لە ناهەموارییەكانی ژیان قبوڵی ئەم ئایینەیان كرد، كە بانگەشەی بۆ دادپەروەری دەكردو دژی چەوساندنەوە بو(اليوسف، ١٩٦٧، ٣٥-٣٧ )، بەڵام بە تێپەڕبونی كات پیاوانی ئایینی مەسیحی بەرەو گەندەڵی چون و زۆرتر خەریكی كاروباری دونیایی بون و تەنانەت بونە هۆكاری لەڕێ لادانی كۆمەڵگەی مەسیحیش(كانتور،٢٠٠٩، ٦٤٨-٦٤٩). لە سەروی هەموشیانەوە پاپا، بەدرێژایی سەدەكانی ناوەڕاست دەستی بەسەر كۆمەڵگەی مەسیحی داگرتبو، خۆی وەك نوێنەری خودا دەناساند لەسەر زەوی، دەستی لە تەواوی كاروبارە ئایینی و دونیاییەكان وەردەدا، بۆیە ژمارەیەك كەسایەتی ناسراو لە كۆتاییەكانی سەدەكانی ناوەڕست، ڕوبەڕوی ئەم مەترسییە بونەوەو داوای گەڕانەوە بۆ سەرەتاكانی بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحییان دەكرد، لەگرنگترین ئەو كەسایەتیانەش(John wycliffeجون ویكلیف١٣٢٨-١٣٨٤ز، Jan hus جون هوس ١٣٧٢-١٤١٥ز و Hulrich Zwingli زونگلی ١٤٨٤-١٥٣١ز)، بەڵام هیچیان نەیانتوانی هێندەی لۆتەر كاریگەری گەورە بەسەر ئایینی مەسیحی و ڕەوتی چاكسازی لە ئەوروپادا دروستبكەن (Lndsay، ٢٠١٢، ٢٠٨ ).

لەبارەی تواناو لێهاتویی لۆتەر مێژونوس(ویل دیورانت) دەڵێت: " لۆتەر یەكێكە لە بەهێزترین و بەناوبانگترین كەسایەتییەكانی مێژو لەبواری هونەری گفتوگۆ و ڕەخنەگری، هیچ كەسێك نەی توانیوە ڕكابەری بكات لە دەربڕین و شێوازی نوسین"(د.ت،٢٤، ٥٣).

لێرەدا ئێمە نامانەوێت باس لە قۆناغ و شێوازی چاكسازییەكانی لۆتەر بكەین، چونكە ناونیشانی بابەتەكەی ئێمە جیاوازە، بەڵكو دەمانەوێت ڕۆشنایی بخەینە سەر دیوی پشتەوەی پاڵنەرەكانی چاكسازی لای لۆتەر، كە چۆن توانی بە پشت بەستن بە لێهاتویی خۆی و ئەو بارودۆخە ناهەموارەی لەوكاتەدا ئەوروپای تێدابو سود وەربگرێت.

لەناوخۆدا بەهۆی خراپی بارودۆخی ئایینی، جیهانی مەسیحی توشی شێواوی هاتبو و یەکگرتویی ئایینی نەبو، بۆیە ناڕەزایی زۆر دژی پیاوانی ئایینی هەبو. هەرچی بارودۆخی دەرەکی بو، بەهۆی ئەوەی لەو کاتەدا پاڵەپەستۆیەکی زۆری سەربازی لەسەر ئەوروپا دروست بوبو، بەتایبەتی پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی سوڵتان (سلێمانی قانونی ١٤٩٤-١٥٦٦ز)، بەشێکی گەورەی ئەوروپا کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی، لە ساڵی(١٥٢١ز) دەستیان بەسەر بیلگراد داگرت و لەساڵی (١٥٢٦ز) سوپای مەجەڕیان تێکشکاند، ئەم مەترسییەی دەوڵەتی عوسمانی وای لە لۆتەر کرد چەندین وتارو کتێب لە دژیان بنوسێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی گەمارۆی ڤیەننای پایتەختی نەمسایان دا لە ساڵی(١٥٢٩ز)( خالد،٢٠٠٨، ٢٠٨). لۆتەر ڕایگەیاند ئێستا کام پایتەختی ئەوروپا هەیە پارێزراوبێت لە مەترسی تورکەکان (السباتین،٢٠١٩، ٤٠٢)، بۆیە لۆتەر وتارێکی نوسی بەناوی (لە جەنگی دژی تورکەکان On the War against the Turks )(Luther ،٢٠١٨، ٣-٤).

### ٣. هاوشێوەبونی پاپا و تورک[i] لای لۆتەر

تێڕوانینەکانی لۆتەر بۆ ڕۆژهەڵات تەواو جیاوازە، بەراورد بە ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆی، کە وێنای ڕۆژهەڵات بەگشتی و تورکیان دەکرد بەتایبەتی. بۆنمونە لەساڵی (١٥٢٩ز)دا کە وتاری (لە جەنگی دژی تورکەکان) نوسی بۆ پادشای شانشینی(هیسن)،(فلیپ فۆن هیسن) ناردو گەورەیی مەترسی تورك و وردەکارییەکانی پێڕاگەیاند(خالد،٢٠٠٨، ٢٠٨)، ئەوەی جێگای تێبینیە ئەو لەوێدا سەیری ڕۆژهەڵات دەکات وەك نەتەوە، ئەویش تورکە، کە بۆیەکەم جارە سەیری ڕۆژهەڵات بکرێت وەك نەتەوە، لە پێشوتردا ڕۆژهەڵات واتا ئیسلام نەك نەتەوەیەکی دیاریکراو.

لەقۆناغی سەرەتادا وێنای تورك لای لۆتەر تێڕوانینێکی سیاسی و سەربازییە نەك ئایدۆلۆژی، چونکە پێی وابو، هێندەی مەترسییەکی سیاسی و سەربازین، ئەوندە مەترسی ئایدۆلۆژی نین، سەرەڕای ئەوەی توركی وەك مەترسییەکی ڕاستەقینە سەیر دەکرد، لەهەمان کاتیشدا توندوتیژ بو بەرامبەر کڵێسای کاثۆلیکی و پیاوانی ئایینی، مەترسی و هێرشی تورکەکانی خستبووە ئەستۆی پاپاو پیاوانی ئایینی(جورافسکی،١٩٩٦، ٨٤)، لۆتەر لەو بارەیەوە دەڵێت: "کاتێك باوەڕ لەناودەچێت، خۆشەویستی سارد دەبێتەوە، قسەی خودا پشتگوێ دەخرێت و هەمو جۆرێك لە گوناح وتاوان تەشەنە دەکات، پاپاو پیاوانی ئایینی، کە دەبو ژەنەڕاڵ وئاڵا هەڵگری ئەم شەڕە ڕۆحییە بن دژی تورکەکان، زۆر خراپتر ئەمانیش هاوشێوەی تورکەکان لە خانەخوێی شەیتانن"(Luther ،١٩٩٧، ١/١٨٨). ئەوەتا بەڕونی و بەبێ ترس ئەم نەهامەتییە دەخاتە ئەستۆی ئەوان و دەڵێت: " تورك قامچی خودان، خزمەتکاری شەیتانن، لای وابو، ئەم هێرشە بەرفراوانەی تورك بەهۆی خراپەکاری پاپاو پیاوانی ئایینییەوەیە بۆیە خودا دەیەوێت سزامان بدات " (هاغمن،٢٠٠٤، ١٢٧).

سەیرکردنی تورك وەك سزایەکی خودایی بەهۆی تاوانی پیاوانی ئایینییەوە، خوێندنەوەو وێناکردنی ئیسلام نییەو ناچێتە قاڵبی وێناکردنێکی دروست، بەڵکو ئەمە لێکدانەوەی شکستی خۆیانە بەهۆی ئەو دیاردە ناشیرنانەی لە کڵێسای کاثۆلیکی سەریهەڵدابو.

لە کاتی خوێندنەوەی وتارو نوسینەکانی سەرەتایدا، وا دەردەکەوێت لۆتەر پاڵپشتی تورکەکان دەکات دژی پاپا. دەبینین لە وتاری (لە جەنگی دژی تورکەکەکاندا) باوەڕی وایە، "جەنگ دژی تورکەکان جەنگە دژی خودا "(Luther ،٢٠١٨، ٩)، ئەمەش بووە هۆی توڕەبونی پاپا (لیۆی دەیەم ١٤٧٥-١٥٢١ز) و سەرکۆنەی ئەو هەڵوێستەی لۆتەری کرد و بە هەڵگەڕاوەی لەقەڵەم دا، ئەویش وەڵامی پاپای دایەوەو ڕایگەیاند، هەروەك لە نامە(٩٥)خاڵیەکەدا([ii]) ڕامان گەیاندو ڕونمانکردەوە، پاپا توانای ئەوەی نییە هیچ سزایەك بگۆڕێت و بەرگەی سزای خودایی بگرێت، ئەگەر بانگەشەی ئەوە دەکات، دەتوانێت سزاکان بگۆڕێت( مەبەستی بابەتی لێخۆشبون لە تاوانەکان و فرۆشتنی بلیتی بەهەشتە)، ئەوا پێویستە پێش لە هاتنی تورك بگرێت، کە سزایەکی خودایە، بەڵام ئەو ناتوانێت(Luther ،١٩٦١، ١).

لۆتەر لە زۆربەی نوسینەکانیدا هەوڵی دەدا لێکچواندن و هاوشێوەبونێك لە نێوان پاپاو تورکەکاندا دروستبکات، ئەمەش بەڕونی لەچەندین دەقدا بەرچاو دەکەوێت و دەی گوت: "پاپاو ئیسلام هاوشێوەی یەکترن لەناوەڕۆکدا، دوژمنێکی سەرسەختی مەسیح و کڵێسای پیرۆزن، بەجۆرێك ئیسلام وەك جەستەی دەجال و پاپاش وەك سەری ئەم جەستەیە وایە " (جورافسکی،١٩٩٦، ٨٤)، لەدەقێکی تر بەشێوازو دەربڕینێکیتر بەیەکیان دەچوێنێت، کەهەمان مەبەست و ئامانجی هەیە و دەڵێت: "گومانم نییە مەسیحی دەجال لەیەك کاتدا پاپا و تورکە، هەروەك چۆن هەمو مرۆڤێك لە ڕۆح و جەستە پێکدێت، پاپا ڕۆحی مەسیحی دەجالە و توركیش جەستەکەیەتی، یەکیان ڕۆحی کڵێسای داگیرکردووە، ئەویتریشیان جەستەکەی" (Luther ،w.d، ١٤٠/٦)، ئایینی مەسیحی دو دوژمنی گەورەو زۆرداری هەیە، یەکێکیان دەرەکی و ئەویتریان لە ناوخۆ، ئەوەی دەرەوە، کە تورکەکانن بونەتە مەترسی بۆسەر جیهانی مەسیحی و دەجەنگن لەدژمان بەجەستەو شمشێرەکانیان، پاپاش بە دروشمە ئایینییە هەڵەو ساختەکانی، کە یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئینجیل دا(السباتین،٢٠١٩، ٤٠٢)، ڕاستە مەترسی تورك هەڕەشەیە بۆسەر ئایینی مەسیحی، بەڵام تەنیا بەشمشێرە، بەهیچ شێوەیەك یەکسان نییە بەو زیانانەی کە پیاوانی ئایینی دەیگەیەننە ئایینەکەو بەلاڕێدا دەیبەن و برینداری دەکەن(Luther ،w.d، ٤/٣٣٣).

لەم چەند دەقەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لۆتەر لە دروستکردنی هاوشێوەیی لە نێوان پاپاو تورکدا ئامانجی ئەوەبووە، ئەو مەترسییە گەورەیەی بەهۆی هێرشی دەوڵەتی عوسمانی دروستبوبو، بەکاری بهێنێت وەك پاڵپشتییەك بۆ ئەو چاکسازییەی لەناو ئایین و جیهانی مەسیحی ڕایگەیاندبو. لێرەدا لۆتەر زۆر ژیرانە بیری کردۆتەوە، پەیامەکانی بەهەردو زمانی لاتینی و ئەڵمانی بڵاو دەکردەوە و ئاراستەی کۆمەڵگەی مەسیحی دەکرد، ئەوەی باش دەزانی کۆمەڵگەی مەسیحی چۆن سەیری ئیسلام دەکەن، چونکە مێژویەکی دورودرێژی ڕوبەڕوبونەوەیان هەبو لەگەڵ یەکتری، هەر لەسەرەتای بەریەککەوتنیان لەگەڵ ئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی-بێزەنتی وئیسپانیا تا دەگاتە ڕوبەڕوبونەوەیان لە جەنگی خاچی، وێنایەکی خراپ و شەڕانگێزی ئیسلام لایان دروستبوبو، ئەویش لەڕێگەی پەیام و بڵاوکراوەکانی، کە دواتر باسیان دەکەین دەیناساندن، بۆیە ڕەخنەی لە

تورك(ئیسلام) دەگرت و دەیچواند بە خودی پاپاو کردارەکانی، ئەمەش بۆ شکاندن و هێرشکردنە سەر پاپا بو، بۆ ئەوەی هاوتایی و هاوشێوەبونێك لەنێوانیاندا لەبەرچاوی خەڵك دروستبکات، کۆمەڵگەی مەسیحی هۆشیار بکاتەوە، کە پاپا دوژمنیانە نەك باوکیان، بۆیە دەتوانین بڵێین لەڕێگەی ئیسلامەوە ڕەخنەی لە پاپا دەگرت و ئایینی ئیسلامی بەکارهێناوە بۆ چاکسازی لەنێو ئایینەکەی.

وێنای لۆتەر لە گۆشەیەکی تردا، تەواو جیاوازبو لەنوسەرانی پێش خۆی بەرامبەر بە ئیسلام، ئەویش ئەوەبو لەسەرەتای مەترسی تورك بۆ سەر ئەوروپا، لۆتەر هەستی بەدڵخۆشییەکی کیناوی دەکرد، چونکە باوەڕی وابو ئەو مەترسییە هاوکاری ئیمانی مەسیحییەکان دەکات، کە لەڕێگەی ڕاست لایان داوەو بگەڕێنەوە سەر ڕێگای ڕاست(سوذرن،٢٠٠٦،١٥١-١٥٢)ئەوەتا دەڵێت: " ئەوەی تورك دەیکات تەنیا زیان بەماڵ و جەستەی مرۆڤ دەگەیەنێت و زیان بە ڕۆح ناگەیەنێت، بەڵکو ڕۆح باشتر دەکات" (Luther، ١٩٩٧، ١/١٨٨).

وا پێدەچێت، بەم تێڕوانینەی هەوڵیدابێت پاڵەپەستۆ و مەترسی تورك بۆسەر مەسیحییەکان کەمبکاتەوە، چونکە لەمەیدانی جەنگدا توشی شکست بوبون. بۆیە دەبینین لۆتەر لێکدانەوەیەکی تەواو لاهوتیانە بۆ ڕوداوە سیاسییەکان دەکات و وەك پاڵپشتیەکی دەرونی دەی گوت: " ئەوانەی شەهید دەبن شتێکی باشە، چونکە مەسیح ئامانجی ئەوەیە شانشینەکەی پڕبێت لە پیرۆزەکان، بێگومان ئەوە خزمەتێکی گەورەیە پێشکەشی شانشینی مەسیحی دەکەن" (السباتین،٢٠١٩، ٤٠٢)، ئەمە جگە لەوەی لەچەندین شوێندا، بەتایبەتی لە (وتاری جەنگ دژی تورکەکان)، پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، بەهۆی ئەوەی تورك دەوڵەتی دامەزراند، کۆتایی دونیایە، سوڵتانەکەیان باوەڕدارە مەسیحییەکان دەچەوسێنێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هاتنەوەی عیسای مەسیح و کۆتایی دونیا، ئەم تێڕوانینەشی بەپێی لێکدانەوەی سفری(الرؤیا ١-١٥) لێکدابۆوە، کەتایبەتە بەکۆتایی هاتنی دونیا(هاغمن،٢٠٠٤، ١٣١-١٣٢). دیارە، بەر لە لۆتەریش ئەم تێڕوانین و لێکدانەوەیە بۆ ئیسلام هەبووە، بەڵام ئەو بەتەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەم بۆچونە.

## ٤. مارتن لۆتەرو جەنگ:

### ١-ڕەتکردنەوەی جەنگی خاچی

ئەوەی تێڕوانی لۆتەری پێ جیادەکرێتەوە لە نوسەرانی پێش خۆی، تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی هەبوبەرامبەر بە موسوڵمانان لەبابەتی جەنگدا، ئەو قۆناغەی ئەو تێیدا ژیاوە، بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەوروپاو هێرشی دەوڵەتی عوسمانی، پیاوانی ئایینی لەسەروی هەموانەوەش پاپا داوای جەنگێکی خاچی نوێی دەکرد، بۆچارەسەرکردن و ڕوبەڕوبونەوەی کێشەی ئیسلام(سوذرن،٢٠٠٦، ١٥١). لۆتەر باوڕی خۆی دەربارەی ئەم بابەتە دەربڕی و گوتی" شەڕکردن دژی تورك هەمان شتە بتەوێ بەرەنگاری خودا ببیتەوە، کە بەو داردەستەیەوە سەردانی گوناهەکانمان دەکات" (Luther، ٢٠١٨ ، ٤)،واتا شەڕکردن دژی تورك شەڕکردنە دژی خودا، پاپا (لیۆی دەیەم١٤٧٥-١٥٢١ز)لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە، لۆتەری سەرکۆنەکردو بەهەڵگەڕاوەی لەقەڵەمدا(Luther، ٢٠١٨ ، ٤)، بۆیە لۆتەر ڕایگەیاند.

پیشوتریش ڕامانگەیاندبو، کە پاپا ناتوانێت هیچ سزایەك بگۆڕێت و بەرگەی سزای خودایی بگرێت، جارێکیتریش جەختی لەسەر دەکەمەوە، ئەگەر ئەو دەتوانێت ئەم کارە بکات، با پێش لەهێرشی تورك بگرێت(Forell، ١٩٤٦ ، ٦٧٨).

پاپا زۆر بەتوندی وەڵامی لۆتەری دایەوەو ڕایگەیاند جەنگ دژی تورکەکان جیهادە، جیهادە بەرامبەر ئەو سزایەی خودا بۆی ناردوین(Forell، ١٩٤٦ ، ٦٧٨)، بەڵام لۆتەر بەهەمو شێوەیەك جەنگی خاچی و شەڕی لەژێر سێبەری ئایین و ئاڵای خاچ ڕەت دەکردەوە، چونکە پێی وابو، ئەمە پێچەوانەی فێرکارییەکانی مەسیحە(هاغمن،٢٠٠٤، ١٣٠) و ڕونیکردەوە جەنگ لای مەسیحییەکان ڕێگە پێنەدراوە، ئەوەی بانگەشە بۆ جەنگیش دەکات گڵاوی ڕاستەقینەیە(Luther، ٢٠١٨، ١٣)، بەهەمان شێوە جارێکی تریش لە وتاری(بانگەوازی نوێژ دژی تورکەکان)ی ساڵی(١٥٤١ز) دا ڕایگەیاند، مەسیح لەبنەڕەتدا لەگەڵ ئاشتییەو شەڕ ڕەت دەکاتەوە، ئەم کارەش چەپەڵترین تاوانە، تەنانەت تورکەکانیش ئەمە ناکەن، ناوی مەسیح بۆ تاوان و هەڵە بەکارهێنن، تەنانەت ئەگەر من سەربازبم ئاڵای سوپاکەم ڕەنگی ئاڵای پیاوانی ئایینی یان هێمای خاچ بێت، ڕادەکەم وەك ئەوەی شەیتان بەدوامدابێت، تەنانەت باوەڕی وابو، خاچ دروشمەکان نەك هەر بێ سودبون، بەڵکو لەڕاستیدا کوفربون، بۆیە پێویست ناکات هیچ مەسیحییەك بەشداری شەڕی خاچی بکات(Forell، ١٩٤٦ ، ٦٨٨-٦٨٩).

لەم تێڕوانینانەی لۆتەر بەڕونی چەند خاڵێکمان بۆ دەردەکەوێت، یەکەم: ڕەتکردنەوەی جەنگ و گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحی، نەك هەر ئەمە تەنانەت داوای ئەوەی دەکرد نابێت پیاوانی ئایینی دەست لەکاروباری دونیایی وەربدەن. ئەو هەڵوێستەی لۆتەر ئەو دەقەمان دەهێنێتەوە یاد لەسەرەتای بڵاوبونەوەی ئایینەکە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئیمپراتۆراتۆریای ڕۆمانی خۆ پاراستن لە چەوساندنەوە باوڕدانی مەسیحی دەقێکی ئینجیلیان دەوتەوە (ئەوەی هی قەیسەرە با بۆ قەیسەر بێت، ئەوەی هی خودایە با بۆ خودابێت)(مرقس،١٢، ١٧).

دووەم: لەگفتوگۆی نێوان لۆتەرو پاپا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، لۆتەر بەم وەڵامانەی نایەوێت بەرگری لە تورکەکان بکات، وەك ئەوەی پاپاو لایەنگرانی دەیان ویست وێنایەك دروستبکەن و وا پیشان بدەن، لۆتەر نیشتمان پەروەر نییە([iii])، چونکە بانگەشەی سزای خودای کردووە بە شمشێری تورکەکان، بەڵکو ئەوەی لۆتەر دەیکرد بریتی بو لە پیشاندانی قەبارەی مەترسی تورکەکان، لەپاڵ ئەویشدا هێرشکردنە سەر بەرپرسی ڕاگەیاندنی جەنگی خاچی بو، کە بە گڵاو و شەیتان ناوزەندی دەکرد، کە مەبەست لێی پاپا بو.

سێیەم: لە خوێندنەوەی پەیام و وتارەکانی لۆتەر وپاپا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەردوکیان لەسەر تاکە خاڵێکدا هاوڕابون، ئەویش ئەوەبو هێرشی تورکەکان سزای خودایە بۆ مەسیحییەکان، بەڵام لۆتەر بەوپەڕی متمانەو بوێریەوە دەیگوت هێرشی تورك بەهۆی خراپەکاری پاپا و پیاوانی کڵێساوەیە(هاغمن،٢٠٠٤، ١٢٨) خودا لەڕێگەی ئەوانەوە سزامان دەدات بەهۆی ئەو بێ ڕێزییەی بە ئینجیل کراوە(Forell، ١٩٤٦ ، ٦٨١) ، ئەوە

ئاشـکرایە مەبەسـتی پاپایـە ئـەو کارانـەی دەیکـرد پێچەوانـەی ئینجیـل و ڕێنماییەکانی بو.

**٢-مەرجی شەڕ لای لۆتەر:**

لۆتـەر بـەڕونی لە نوسـینەکانیدا ئـەوەی ڕاگەیانـدبو دژی جەنگـە و جـەنگی خـاچی نابێتـە هـۆی ڕزگـاربون لە مـەترسی ئیسـلام، بـەهۆی ئـەوەی مەسـیحییەکان لە تاوان و گومراییـدا ماونەتەوە(سـوذرن،١٥١،٢٠٠٦)، خـودا بەکـەم سـەیرمان دەکات لە هـەمو جەنگـەکان، کـە لەژێـر ئـاڵای کڵێسـا شـەڕمان کـردووە، سـەیری ئـەو تۆمـارە خراپـە بکـەن، هـەتاکو ئێسـتا چـۆن شـکاوین بەرامبـەر بەشـداریمان لەدژی تورکـەکان، ئەمـەش ڕاسـتی نـرخی سیاسـەتی پاپاوییـەتمان بـۆ دەردەخـات و ئـەوە ئاشـکرایە، خـودا لەگـەڵ ئێمـە نییـە لەجەنگی دژی تورکەکان(Luther ، ٢٠١٨ ، ١٥).

هەرچەنـدە لە وتارەکانی سـەرەتایدا پێیوابـو مـەترسی تـورك بۆسـەر ئـەوروپا مەترسـییەکی سـیاسی و سـەربازییە نـەك ئایـدۆلۆژی و چەنـدین بەڵگـەی دەهێنایـەوە و لەم قۆناغـەدا دەیگـوت: "هێـرشی تـورك سزای خودایـە، تـورك قـامچی خـودان و خزمـەتکاری شـەیتانن بـەبێ دودڵـی" (Francisco ،٢٠٠٧ ، ١٣١؛Henrich and Boyce ،١٩٩٦ ، ٢٥٢)، بـەڵام دواتـر پـاش ئـەوەی لۆتـەر ئـەوەی بـۆ ڕوندەبێتـەوە، ئەمانـە مەترسـییەکی ئایـدۆلۆژین و کاریگـەرییان بۆسـەر ئـیمانی مەسـیحییەکان هەیـە و قـەبارەی مەترسـییەکەیان زۆر زیاتـر بـووە، لۆتـەر لەبارەیانـەوە زیاتـر دەڵێـت و ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات " تورکـەکان هـەر بەتـەنها داردەسـتی تـوڕەیی خـودا نـین، بـەڵکو بەنـدەی شـەیتانن(iv)و لایان پـیرۆزە و دەیپەرسـتن، ئەمانـە تێکەڵەیـەکی سـەیرو نامـۆن لە ناڕێکـی و خراپـەکاری لەلایـەن ڕۆحی درۆ و کوشـتنەوە خاوەنـداری دەکرێن"( Forell ،١٩٤٦ ، ٦٨٢ ،٦٨٥).

لێرەدا پێویسـتە لەسـەر ئـەم وێنایـەی لۆتـەر بوەسـتین، چونکـە ئـەم تێڕوانینـەی تـەواو جیـاوازە لە تێـڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسـانی هاوسـەردەمی، تەنانـەت ڕۆژهەڵاتناسـانی دەسـتپێکی سـەدەکانی ناوەڕاسـت و سـەرەتای بەریەککـەوتنی ئێـوان ئـاینی ئیسـلام و مەسـیحی، کەسـانێکی وەك (یوحـەنای دیمەشـقی)(v)و(ثیـۆدۆری ئەدیسـایی)(vi)، کـە بـە تێڕوانینـە تونـدەکانیان ناسراون بەرامبـەر ئیسـلام، بـەڵام باوەڕیان وابـو، موسـوڵمانان بـت پەرسـتن یان مەسـیحی ئاریۆسـین، بـەڵام ئاینەکـەیان شـێواندووە، دواتـر بـیرو بۆچـون و وێنـای ئـەم دو نوسـەرە گواسـترایەوە بـۆ تـەواوی ئـەوروپاو جیهـانی مەسـیحی و کاریگـەری تـەواویان بەسـەر ڕۆژهـەڵاتناسی و وێنـای ئیسـلام لە سـەدەکانی ناوەڕاسـت بەجێهێشت(سـاردار،٢٠١٢، ٤٦)، بـەڵام لۆتـەر لێـرەدا وەك شـەیتان پەرسـت و بەنـدەی شـەیتان ناوزەنـدیان دەکات، ئەمـەش تێڕوانینێکـی نـوێ بـو، بـۆ ئیسـلام تا ئەوکاتـە هـیچ ڕۆژهەڵاتناسـێك ئـەم وێنایـەی نـەبووە بـۆیان، دیارە ئەمـەش هۆکارەکـەی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، دەیـەوێت ئـەو هێـزەی هێـرشی کردۆتـە سـەر ئـەوروپا وەك دڕنـدەو شـەیتان بـە کۆمەڵگـەی مەسـیحی پیشـانبدات و ڕێگـە بگرێـت لە بڵاوبونـەوەی کاریگـەری هـزری ئیسـلام و پارێزگـاری بـکات لە باوەڕی مەسـیحییەکان، چونکـە لە چەنـدین شـوێندا جـەختی لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە، دەیـەوێت باوەڕی باوەڕدارانی مەسـیحی بپارێزێـت، ناشـیرنکردن و بـە شـەیتانکردنی موسـڵمانانیش باشـترین ڕێگەیـە بـۆ ئەم مەبەستە.

ئـەوەتا بـۆ کۆمەڵگـەی مەسـیحی دەدوێـت، لە وتاری نـوێژ دژی تورکـەکان دەڵێـت: " تـۆ بچیتـە جـەنگ دژی تورکـەکان دەتـوانی دڵنیابیـت، کـە تـۆ شـەڕناکەی دژی پیاوێـك کـە لە خـوێن و گۆشـتە، بـەڵکو لە ڕاسـتیدا سـوپای تـورك سـوپای شـەیتانە "(Luther ،١٩٩٥ ، ٢٨٠). لەهـەمان کاتـدا قـەبارەی مـەترسی کڵێسـاشی لەبیرنـەکردبو، ئاگاداریکردنـەوە نەکەونـە ژێـر کاریگـەری پاپـا، پێیوابـو، مەسـیحییەت ڕوبـەڕوی دو مـەترسی بۆتـەوە لەیـەك کاتـدا. مـەترسی ناوخـۆیی و مـەترسی دەرەکـی، مەترسـییە ناوخۆییەکـە، کـە کڵێسـای ڕۆژئاوایـە، زەرەری زۆر زیاتـرو ترسـناکترە لە هێـرشی دەرەکـی، چونکـە باوەڕی وابـو، ئـاینی مەسـیحی دەتوانێـت بەرامبـەر دوژمـنی دەرەکـی بەرگـە بگرێـت، ئەگـەر ڕزگـاری ببێـت لە پلانگێـڕی و شـەڕانگێزی دوژمنـە ناوخۆییەکەی(سوذرن،٢٠٠٦، ١٥٢-١٥٣).

بۆیـە دەبینـین، لۆتـەر لاسـایی نێـردراوان و پەیامبـەرانی کردۆتـەوە لە ئاگادارکردنـەوەو هۆشـیارکردنەوەو هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگـە، ئـەوەش بـەڕونی لە پەیامێکیـدا بـەدیار دەکـەوێت و دەڵێـت: "هـەروەك چـۆن خـودا نەتـەوە بـت پەرسـتەکان سزا دەدات، ئـەوا مەسـیحییەکانیش بـەهۆی هەڵـەو تاوانەکانیانـەوە سزا دەدات"(Luther ،١٩٩٥ ، ٢٧٥).

لۆتـەر هەسـتی بـەوە کردبـوو تـەنیا ئەوەنـدە بـەس نییـە، ئامـاژە بـە مـەترسی و خراپیـەکانی تـورك و پاپـا بـکات بـۆ جیهـانی مەسـیحی، بـەڵکو پێویسـتە بـە پێشـنیازو ڕێگـا چـارەی گونجـاو ئاراسـتەیان بـکات، بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی ئـەو مەترسـییانە، دەیـەوێت جیهـانی مەسـیحی فێـربکات چـۆن شـەڕ دەکـەن و سـەردەکەون لە بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی خـودا. لەبـەر ئەمـە چەنـد مـەرجێکی هـەبو بـۆ شـەڕکردن بەرامبـەر ئـەو هێـزەی ببـوە مـەترسی بـۆ جیهـانی مەسـیحی و پێشـنیازی پێـدان، دەربارەی ئـەوەی ئـەم شـەڕە چـۆن بێـت، کـێ بەشـداری بکات و سەرکردایەتی بکات.

مـەرجی یەکـەمی لۆتـەر لەم جەنگـەدا، جەختکردنـەوەبو لەوەی پێویسـتە جـەنگێکی بـەرگریکردن بێـت لە جیهـانی مەسـیحی نـەك هێرشـبردن(هاغمن،٢٠٠٤، ١٣٠-١٣١). دواتـر دەپرسـێت ئـەوە کێیـە ڕێگـە پێـدراوە بـۆ شـەڕکردن لەم جەنگـەدا، لۆسـەر خـۆی وەڵام دەداتـەوەو دەڵێـت: "هـەمو مەسـیحییەك ڕێگەپێـدراوە بـۆ شـەڕکردن دژی تـورك، بـەڵام بـەر لە هـەمو شـتێك و پـێش جەنگەکـە پێویسـتە لەسـەریان تۆبـە بکـەن، چاکسـازی لە ژیانیـان بکـەن " (Luther ،٢٠١٨ ،٢١)، لە وتاری (بانگـەوازی نـوێژ دژی تورکـەکان)لە سـاڵی(١٥٤١ز)، وردتـر دەچێتـە ناوەڕۆکـی ئـەو مەرجـە و ڕونکردنـەوەی زیاتـر دەدات و دەڵێـت: " بۆسـەرکەوتنی بـەرگری دژی تورکـەکان، پێویسـتە ئـەو جیهـادە، بـە تۆبـەکردن دەسـتپێبکات و بونمـان بگـۆڕین، ئەگـەرنا بێ هودەیـە شـەڕکردن(Luther ،١٩٩٥ ، ٢٩٠)، جـەختی لەسـەر ئـەوەش دەکردەوە نـوێژ بکـەن، لەبـەر ئـەوەی هیوامـان بـە چـەك نییـە، بـەڵکو هیوامـان بـە خودایـە "(Luther ،١٩٩٥ ، ٢٩١)، لەبـەر ئـەوەی لۆتـەر بەتـەواوی باوەڕی بـەوە هـەبو بـەم کارە دەتـوانن ئـەم داردەسـتە یان قامچییە،کـە تورکـە لەدەسـتی خـودا دەربهێـنن، ئـەویش پـاش ئـەوەی ڕەزامەنـدی خـودا بەدەست دەهێنن، ئەوکاتە تورك توانای نامێنێت(Luther ،٢٠١٨ ،١٩).

کـەسی دووەم، کـە ڕێگـە پێـدراوە بـۆ شـەڕکردن دژی تورکـەکان، ئیمپراتـۆر (Charles V)چـالرزی پێنجـەم ١٥٠٠- ١٥٥٨ز)هـ ( هـاغمن،٢٠٠٤،

Henrich and Boyce؛١٣٠ ،١٩٩٦، ٢٥٣) نەك پاپا، چونکە پاپا پاك نییە، ناتوانێت سەرکەوتو بێت، بەهۆی ئەوەی پاپا و داروودەستەکەی لەکاری جەنگ دژی تورك تێوەگلاون و دەستیان پیسە، پێویستە، تۆبە بکەن، تەنانەت پاپاش. لەلای لۆتەر ئیمپراتۆر چارلز فەرمانڕەوای دەستورییەو لەلایەن خوداوە دانراوە( Luther ،٢٠١٨، ٣٩ ) و بەرپرسە لەم جەنگەداو گوێ ڕایەڵی بۆ پادشا گوێ ڕایەڵییە بۆ خودا(Forell ،١٩٤٦ ، ٦٨٩).

ئەم خاڵەی سەرەوە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، چونکە لۆتەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆر بەپیرۆز لەقەڵەم دەدا و وای وێنا دەکات لەلایەن خوداوە دانراوە. دیارە، مەبەستەکەی ڕونە دەیەوێت سەرەنجی ئیمپراتۆرو دەسەلات بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و نایەوێت لایەك کاتدا دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی لەخۆی زویر بکات و لە هەردو بەرە لە شەڕدابێت، بەلام بە پاڵپشتی کردنی ئیمپراتۆر لێدانە لە کەسایەتی و هێزی پاپا و ڕێگەی لێدەگرێت لەجەنگدا بەشداری هەبێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لۆسەر سنوری دەسەڵاتی ئیمپراتۆر دیاریدەکات، پێی وایە، نابێت پادشا جەنگ ئەنجام بدات دژی تورك وەك پارێزەری ئاینی مەسیحی و کڵێسا، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئیمپراتۆر سەردارو پارێزەری ئینجیل و ئاینی مەسیحی نییە، لەئازارێکی قوڵدا دەبوین ئەگەر کڵێسای مەسیحی هیچ پارێزەرێکی نەبوایە جگە لە دەسەڵاتداری دونیایی، بیرۆکەی پارێزگاریکردن لە ئیمانی مەسیحیش لەلایەن مرۆڤەوە تەواو گەمژانەیە(Forell ،١٩٤٦ ، ٦٨٩).

لەم دوو تێڕوانینەی لۆتەر بۆ دەسەڵاتی ئاینی و سیاسی، بەڕونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو داوای جیاکردنەوەی ئاین دەکات لە دەوڵەت و سنورو ئەرکی هەریەکەشیان دیاریدەکات.

لۆتەر هەر لەبارەی جەنگەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەرکاتێك جەنگ روبدات ئەرکی پادشایە پارێزگاری لە هاوڵاتیان بکات،بەلام ئەوەی گرنگە دەبێت جەنگەکە بۆ پارێزگاریکردن بێت لە ماڵ و خێزان، نەك هێرشبردن، شەڕکردنیش دژی تورك زۆرتر کاری ئێمەیە وەك هاوڵاتی نەك وەك مەسیحییەك، لەبەرئەوەی تورکەکان بۆ پێویستی پارێزگاریکردن لە خاك شەڕ ناکەن، بەڵکو بەدوای زەوی دادەگەڕێن دەیدزن و لەناوی دەبەن(Luther ،٢٠١٨، ١٩ ).

## ٥. تێڕوانینی لۆتەر بۆ هزری ئیسلامی

### یەکەم: تێڕوانینی لۆتەر بۆ قورئان

قورئان یەکێکە لەو بابەتە سەرەکییانەی، زۆرینەی ڕۆژهەڵاتناسان، کە باسی ئیسلامیان کردبێت، کەم تا زۆر لەبارەی قورئانەوە دواون و وێنایان بۆی هەبووە، بەگوێرەی قەبارەی زانیاریان دەربارەی بابەتەکە، مارتن لۆتەریش یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی وێنای تایبەتی خۆی بۆ قورئان هەبووە.

لۆتەر بەر لەوەی دەستی بە قورئان بگات و بیخوێنێتەوە، چەند وتارێکی دەربارەی تورك و مەترسی تورکەکان نوسیبو، بۆنمونە لەوتاری (لە جەنگ دژی تورکەکان ١٥٢٩ز) وەك پاڵپشتییەك بۆ قسەکانی و هێرشکردنە سەر تورك، ئاماژەی بە قورئان کردبو و چواندبوی بە وتارو مەرسومە هەڵخەڵەتێنەرەکانی پاپا، بەلام ئەو دڵنیا نەبو لەبارەی ئەو زانیارییانەی لەبارەی قورئانەوە باسی کردبو، بۆیە دەیویست دڵنیا بێتەوە( Henrich and Boyce ،١٩٩٦، ٢٥٢)، یەکێك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاری لۆتەر دەربارەی ئیسلام کتێبێکی بچوکبو، بەناونیشانی ( Libillus de ritu et moribus Turcorum نامیلکەیەك لە بارەی ڕێورەسم و ڕەوشتی تورکەکان )، کە لەلایەن ڕاهیبێکی دۆمینیکی بەناوی ( Georgius de Hungaria) نوسرابو. نزیکەی بیست ساڵ لە بەندیخانەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا بەندبوبو، لۆتەر لەساڵی(١٥٣٠ز) دا پێشەکییەکی بۆ کتێبەکە نوسی و بڵاویکردەوە، زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبە لەبارەی ئاین و داب و نەریتی موسڵمانان بو، لەم کتێبەدا لۆتەر تیشکی خستبووە سەر مەترسی تورك و دو دڵی خۆی لەبارەی هەڕەشەی جیهانی ئیسلامی بەرامبەر بە جیهانی مەسیحی دەردەبڕی بو(Euler ،٢٠١٩، ١٣٩)، ئامانجیشی لە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە هەروەك خۆی ئاماژەی پێداوە بۆ ئەوە بووە، مەسیحییە دڵسۆزەکان لە ئاینی محمدی دوربکەونەوە( Henrich and Boyce ،١٩٩٦، ٢٥٠).

یەکەمین نوسراو لەبارەی قورئانەوە کەوتبێتە دەستی لۆتەر و خوێندبێتیەوە، کتێبێك بو بەناونیشانی( Confutio Alkorani ڕەتکردنەوەی قورئان یان Contra legem Sarracenoru پێچەوانەی یاسای موسڵمانان)، کە لەلایەن (ریکاردۆ دی مۆنتی کروس Ricoldo da Montecroce)[vii] نوسرابو، ئەم کتێبە دیارترین نوسراوی دوژمنکارانەبو لەبارەی قورئان و ئیسلام نوسرابو(Francisco ،٢٠٠٧، ٩٨).

بەلام ئەوەی جێگەی تێبینییە، لۆتەر گرنگییەکی ئەوتۆی بەم کتێبە نەدا، لەسەرەتادا سەرەڕای ئەوەی چەند جارێکیش خوێندبویەوە ،چونکە باوەڕی وابو، ناکرێت مرۆڤانێکی عەقڵانی لەسەر ئەم زەویە هەبن کە لەلایەن شەیتانەوە ڕازیکرابن باوەڕ بەم شتە شەرمەزارکەرانە بهێنن (Euler ،٢٠١٩، ١٤١)، بۆیە لۆتەر لەساڵی(١٥٣٠ز) دا ڕایگەیاند دڵخۆش دەبوم ئەگەر قورئانم بخوێندبایەوە(هاغمن، ٢٠٠٤، ١٣٩).

لەساڵی(١٥٤٢ز) بۆیەکەم جار قورئانی وەرگێڕدراوی لاتینی کەوتە دەست و خوێندیەوە، بۆ ئەوەی لە زانیارییەکانی ناو کتێبی(ڕەتکردنەوەی قورئان) دڵنیابێتەوە. دیارە، پاش دڵنیابونەوەی لۆتەرو خوێندنەوەی قورئان، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی زانیارییەکانی ناو کتێبی ڕەتکردنەوەی قورئان ڕاستن،ڕایگەیاند بۆم دەرکەوت، زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبە لەگەڵ قورئان دەگونجێت(Euler ،٢٠١٩، ١٤١). بۆیە لۆتەر دەستیکرد بەوەرگێڕانی کتێبی(ڕەتکردنەوەی قورئان) بۆسەر زمانی ئەڵمانی، بەلام تەنیا وەرینەگێڕا، بەڵکو تێڕوانینی خۆی لەسەر دەربڕی و پێشەکییەکی درێژی بۆ نوسی و پاشکۆیەکیشی بۆ زیادکرد، کردی بە شتێکی هاوچەرخ، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم کتێبە دەگەڕایەوە بۆ سەدەی سێزدەی زاینی(سوذرن، ٢٠٠٦، ١٥١).

لۆتەر لەکارکردن لەسەر قورئان، هەر بەخوێندنەوەی نەوەستا، بەڵکو ئەم قورئانە لاتینیەی کە خوێندیەوە لەساڵی(١٥٤٣ز) دا بە ئامێر سەر لەنوێ لەچاپیدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە لۆتەر پێشەکییەکی بۆ ئەم چاپە نوێیە نوسی و لە پەراوێزی دەقەکانیشدا ڕونکردنەوەو سەرەنجی خۆی نوسیبو دەربارەی محەمەدییەکان و ئاینی تورکەکان(السباتین،٢٠١٩، ٤٠٣).

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بزانین، ئامانجی لۆتەر لە بڵاوکردنەوەی قورئان چی بو، وێنای قورئان لای ئەو چۆنە، هەرچەندە لۆتەر هەستی بەوە کردبو، ئەم وەرگێڕانەی قورئان بۆسەر لاتینی لاوازە، واتا وەرگێڕانێکی دروستی قورئان نییە، بەڵام سوربو لەسەر بڵاوکردنەوەی(Henrich and Boyce، ١٩٩٦، ٢٥٤)، چونکە چەند ئامانجێکی لەم کارەدا هەبو، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەوەبو، ئەم قورئانە لەناو جیهانی مەسیحی بڵاوبێتەوە، بۆ ئەوەی بۆیان دەربکەوێت، ئەم کتێبە چەندە قێزەون و بێزراو و نەفرەت لێکراوە، پڕە لە درۆو ئەفسانەو ئابڕوچون(هیر کومر، ١٩٩٩، ٢١)، بەم کارەی ئامانجێکی تری ئەوەیە، خراپی و دژیەکیەکانی ناو قورئان ئاشکرابکات بۆ ئەوەی بزاندرێت قەبارەی زیانەکانی قورئان چەندە.

ئەو وێنایەی لۆتەر بۆ قورئان جێگای سەرنجە لە دو خاڵدا، یەکەم: ئەم کارەی لۆتەر، کە بریتی بو لە لە چاپدانی قورئان و بڵاوکردنەوەی، بەتەواوی پێچەوانەی کاری ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆیەتی، بۆ نمونە لە ئیسپانیا لە سەدەی نۆیەم و دەیەم چەند کەسایەتییەك دەرکەوتن، هەوڵی بەرەنگاربونەوەی بیری شارستانیەتی ئیسلامیان دەدا، بەڵام پێچەوانەی لۆتەر، لە دیارترین ئەو کەسایەتیانەش(Paul Alvaros پاول ئەلڤارۆس) [viii] و (Eulogius یۆلیگیۆس)[ix] بوون(Glick، w.d، ٣)، ئامانجی سەرەکییان وەستانەوە بو دژی ئەو باوڕدارە مەسیحییانەی کە کاریگەربون بە شارستانیەت و چیرۆك و هۆنراوەو نوسراوەکانی موسڵمانان بەتایبەتی گەنجەکان، داوایان دەکرد دوربکەونەوە لەخوێندنەوەیان، تەنانەت ئەلڤارۆس دەستەیەکی دامەزراند لەژێر ناوی(جوڵانەوەی ناڕەزایی)(بلفتش، ٢٠١١، ٢٤)، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو هزری ئیسلامی لەناویاندا بڵاو ببێتەوە و ببێتە هۆکارێك بۆ لەناوبردنی ئایینی مەسیحی(هنتش،٢٠٠٥، ٢٧). بەڵام دەبینین لۆتەر خۆی هانیان دەدا قورئان بخوێننەوە و بۆیان وەردەگێڕێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، لەهەردو قۆناغ و شوێن هەمان مەبەست و ترسیان هەیە بەرامبەر ئیسلام، بەڵام ڕێگای بەرگرتنیان لە هزری ئیسلامی بۆ ناو کۆمەڵگەی مەسیحی جیاوازە.

دووەم: مەبەستی لۆتەر لە باسکردنی ئەفسانەو دژیەکییەکانی ناو قورئان، ئەو بابەتانەبون، کە هەر لەسەرەتای بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام وبەریەککەوتنی لەگەڵ جیهانی مەسیحی گفتوگۆی توند لەبارەیانەوە کراوە، تەنانەت لەنێو موسڵمانان خۆشیان گروپی جیاواز دروستبون و لێکدانەوەو شیکردنەوەی جیاوازیان هەبو بۆ کۆمەڵێك لە دەقەکان، هەرچی لەنێو جیهانی مەسیحی بو ئایەتەکانی تایبەت بە( لە خاچدان و پێگەی عیسا، پێگەی مەریەم و بابەتی هاوسەرگیری) زۆرتر گفتوگۆی لەبارەیەوە دەکرا، لۆتەر بە هێنانە بەر باسی ئەم دەقانەی قورئان کەیەکی نەدەگرتەوە لەگەڵ باوەڕی مەسیحیەکان دەیویست بە کۆمەڵگەی مەسیحی بڵێت ئەمەیە خراپییەکانی قورئان.

یەکێکی تر لە دیارترین ئامانجەکانی لۆتەر لە بڵاوکردنەوەی قورئان، ئەوەبو، پێی وابو بەهێزترین و کاریگەرترین چەك دژی تورکەکان و محەممەدییەکان زانین و تێگەیشتنە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەیان، کە قورئانە، هیچ کارێك لەوە زیاتر تورەو بێزاریان ناکات، کە قورئانەکەیان، لە ناو کۆمەڵگەی مەسیحی بڵاو بکەیەوە، بۆ ئەوەی قێزەونی و درۆکانی ناویان بۆ دەربکەوێت(هیرکومر،١٩٩٩، ٢١) و لە ستەم و زۆرداری محەمەدییەکان ئاگادارین و چەکێکی بەهێز دەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوە دژی تورك و ئیسلام، ڕێگایەکی نمونەییشە بۆ پڕچەککردنی دڵە بێ هیواو شکستخواردوی مەسیحییەکان و بەرزکردنەوەی ورەیان(السباتین،٢٠١٩، ٤٠٤).

لەسەروی هەمو ئەمانەوەش لۆتەر دەیویست مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی بپێکێت، هەر لەسەرەتای بانگەشەی بۆ چاکسازی لەناو ئایینی مەسیحیدا، دەیویست گرنگی و پێگەی ئینجیل بگەڕێنێتەوە و باوەڕدارانی مەسیحی بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی بڵاوبونەوەی ئایینەکە، بە تانەدان لە قورئان و بەکەم سەیرکردنی و پیشاندانی هەڵەو کەموکوڕییەکانی بۆ ئەوەبو، کۆمەڵگەی مەسیحی دڵنیابکاتەوە، ئینجیل بێ ڕکابەرە و پیرۆزە. پێویستە، کۆمەڵگەی مەسیحی وابەستەی ئینجیل بکرێت، ئەمە جگە لەوەی خوێندنەوەی ئینجیل لەلایەن خەڵکەوە واتە دورکەوتنەوە لە پاپا و پیاوانی ئایینی لایەنگری، بەمەش کۆمەڵگە هۆشیار دەبێتەوە، واتە لۆتەر بەم کارەی لەیەك کاتدا دو ئامانجی پێکا.

لۆتەر ئینجیل و قورئان بەراورد دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئینجیل دەتواندرێت بە چەندین زمانی زیندو بخوێندرێتەوە، بە پێچەوانەی قورئان کە قەدەغەیە جگە لە عەرەبی بەزمانێتر بخوێندرێتەوە(السباتین،٢٠١٩، ٤٠٤).

لەماوەی کارکردنیدا لەسەر ئیسلام لۆتەر سەرەنجی موسڵمانانی دابو پێی وابو یەکێك لە هۆکاری بەهێزییان، ئەوەیە، زۆر بەتوندی وابەستەی قورئانن وباوڕیان پێیەتی(سوذرن، ٢٠٠٦، ١٥١)، ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنیانە، بۆیە ئەویش دەی ویست سود لەمە وەربگرێت.

لۆتەر لەسەر تانەدان بەردەوام دەبێت، دەڵێت: " قورئان کتێبێکی کوفری پیسە، تەنها عەقڵی مرۆڤ نوسیویەتی بەبێ وشەو ڕۆحی خودا، هەمو فێرکارییەکانی ناو ئایینەکەش ڕەگ و ڕیشەی باوەڕی یەهودی و مەسیحی و بت پەرستییە" (Euler، ٢٠١٩ ، Forell؛١٤٦، ١٩٤٦ ، ٦٨٤). بۆیە ڕەخنە لەقورئان دەگرێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: قورئان، کە بنەمای سەرەکی بیروباوەڕەکەیانە ڕێگەی بە بەکارهێنانی شمشێر داوە، ئەمەش بووەتە هۆی لەناوبردنی ئاشتی و چاکە، بەدرۆکانی قورئان ڕۆحیان کوشت و بە شمشێریش جەستەکانیان لەناو برد(Henrich and Boyce، ١٩٩٦، ٢٥٤)، محەمەدی ڕابەریان فەرمان دەکات بە شمشێر حوکمڕانی بکرێت و تورکەکان تاوان وەك فەرمانێکی خودایی ئەنجام دەدەن(Euler، ٢٠١٩ ، ١٤٦).

ئەوەی جێگای تێڕامان و گفتوگۆکردنە، لە تێڕوانینی لۆتەر بۆ قورئان، بۆمان دەردەکەوێت مەبەستی ئەو لە خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی قورئان، تێگەیشتن نەبووە لە ئیسلام وەك ئەوەی هەیە، بەڵکو ئامانجی هێرشکردن و دۆزینەوەی ناڕونی و کەم وکوڕییەکانی بووە، بەڵگەش ئەوەیە، سەرەڕای ئەوەی دەیزانی ئەم قورئانە وەرگێڕدراوەی لەبەر دەستیەتی پڕە لە هەڵەو کەم وکوڕی و لاوازە، بەڵام سوربو لەسەر بڵاوکردنەوەی، بۆئەوەی ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، هەر لەبەر ئەمەیە دەتوانین بڵێین وێنای لۆتەر بۆ قورئان وێنایەکی وردو زانستی نییە، چونکە پشتی بەستوە بە قورئانێکی وەرگێردراو، کە لەلایەن پیاوانی ئایینی کڵێساوە وەرگێردراوە، ئەمە جگە لەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانی (بەرپەچدانەوەی قورئان) کتێبی ڕاهیبێکی

مەسیحیه لەسەر باوڕی موسڵمانان دەدوێ، بۆیە دەتوانین بڵێین لۆتەر سودی لەم قورئانە وەرگرت بۆ وەستانەوە دژی تورکەکان و هاندانی ناوخۆ لەدژیان و دروستکردنی کۆ دەنگیەك لە بەرامبەریان و پابەندکردنەوەی کۆمەڵگەی مەسیحی بە ئینجیل و ڕێگەگرتن لە بڵاوبونەوەی هزری ئیسلام لە ناو کۆمەڵگەی مەسیحی و دروستکردنی وێنایەکی خراپ بۆیان.

**دووەم: پەیامبەری ئیسلام و مارتن لۆتەر**

گفتوگۆکۆدن لەبارەی پەیامبەری ئیسلام لای ڕۆژهەڵاتناسان، هەر لەسەرەتای بڵاوبونەوەی ئایینەکەوە دەستپێکردووە، بەچەندین شێوەی جیاواز وێنایانکردووە، لە هەندێك قۆناغ زۆر بەتوندی وێنایان کردووە و زۆرترین هەڵەو کەم و کوڕییان خستۆتە پاڵ، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسانی دەستپێکی سەدەکانی ناوەڕاست، لۆتەریش یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی بەتەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم ڕەوتە. بەهەمو شێوەیەك پەیامبەرایەتی(محمد) ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: " قورئان قسەی خودا نییەو محمد خۆی نوسیویەتی " (Francisco، ٢٠٠٧، ١٣١؛هاغمن، ٢٠٠٤، ١٣٧)، " محمد خۆشی ئەوەی زانیوە، ئەوەی لە قورئاندا هەیە، ناڕاستە " (السباتین،٢٠١٩، ٤٠٤)، تەنانەت نەك هەر پەیامبەرییەکەی ڕەتدەکاتەوە بەڵکو دەڵێت " محمد مەسیحی دەجالی ڕاستییە، ئامانجی تێکدان و کاولکارییە بەهەمان شێوەی پاپا " (سوذرن، ٢٠٠٦، ١٥٢).

لۆتەر هەربەمەوە ناوەستێ، بەڵکو ئەم جارە هەوڵ دەدات پەیامبەری ئیسلام وەك شەیتان نیشان بدات و دەڵێت: "گەورەترین دوژمنی ئایینی مەسیحی پاپای ڕۆماو محمدە، محمد و شەیتانیش دوانەیەکن لەجەستەیەکدا " (السباتین،٢٠١٩، ٤٠١-٤٠٢). بە شەیتانکردنی محمد لەلایەن لۆتەر بۆ ئەوەبو، وا پیشانی کۆمەڵگەی مەسیحی بدات، شەیتان چەندە ترسناك و مەترسیدارە بۆسەر ئایینی مەسیحی و بیروباوەڕیان، محمدیش هێندە مەترسی و کارگەری خراپی هەیە. بۆ سەلماندنی مەترسییەکانی دەڵێت: " ڕۆحی درۆ زاڵبووە بەسەر محمد و کۆنترۆڵی کردووە، ئەو شەیتانە بە قورئانەکەی ڕۆحەکان دەکوژێت و بوەتە هۆی تێکدانی باوڕی مەسیحییەکان، بە شمشێرەکەشی هێرش دەکاتە سەریان و جەستەکان دەکوژێت، لەبری ئەنجامدانی بانگەوازو پەرجو وەك ئەوەی مەسیح دەیکرد، تورکەکانیش شوێنکەوتەی درۆکانی و قورئان و شمشێرو کوشتنن" (Luther، ٢٠١٨، ٣١).

لۆتەر هەر بەتەنها دەربارەی پەیامبەری (محمد) قسە ناکات، بەڵکو زۆر بەتوندی هێرش دەکاتە سەر کەسایەتی محمد و پێی دەڵێت: " ئەی خزمەتکاری لەشفرۆشەکان و ڕاوچی داوێن پیسەکان " (هیرکومر،١٩٩٩، ٢١).

لێرەدا ئەمجۆرە دەربڕین و زمانی گوتارەی مارتن لۆتەر تەواو جیاوازە لە دەربڕینی تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسانی پێش خۆی، بەشێوەیەکی نا زانستی، کە دورە لە ناوبانگ و ناسراوی لۆتەر دەدوێت، بەڵام ئەوە ڕونە دەیەوێت، کەسایەتی محمد بشکێنێت و وەك کەسێکی داوێنپیس و لادەر لەقەڵەمی بدات و کۆمەڵگەی مەسیحی نەك هەر پێی کاریگەر نەبن، بەڵکو نەفرەتیشی بکەن.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەمان، ئەوەتا لۆتەر داوا لە قەشەو پیاوانی ئایینی دەکات، پێویستە وتار بۆ کۆمەڵگە بدەن لەبارەی ئابڕوچونەکانی محمد، بۆ ئەوەی ڕقی مەسیحییەکان بەرامبەریان زیاتربێت، لەهەمان کاتدا باوەڕی مەسیحییەکان بە ئایینەکەی خۆیان پتەوتر بێت، بۆ شکستپێهێنان و وەستانەوە لەدژیان لەکاتی جەنگدا(هیرکومر،١٩٩٩، ٢١). ئەم وێنایەی لۆتەر بۆ کەسایەتی محمد، ڕاستە پەیوەندی هەبو بە هێرشی دەوڵەتی عوسمانی و مەترسی تورك لەسەر ئەوروپا لەم قۆناغەدا، بەڵام پاڵنەرێکی تری بەهێزی هەبو، ئەویش بابەتی پێگەی عیسابو لەناو قورئاندا، کە محمدی پەیامبەری ئیسلامی بە نوسەرو داڕێژەری قورئان دەزانی، کە لە قورئاندا محمد پێگەی عیسای چۆن دیاریکردووە.

لۆتەر باوڕی وابو، محمد نکوڵی کردووە لەو بەشەی باوەڕی مەسیحییەکان، کە باوڕیان وایە، عیسا کوڕی خودایە و ڕزگارکەری جیهانە، بۆ ئێمە مردو(x) ئێستا دەژیت(Forell، ١٩٤٦ ، ٦٨٤)، دەڵێت: "ڕاستە لە قورئاندا مەدحی عیسا دەکات، بەڵام تەنها وەك پەیامبەرێکی هاوشێوەی(یونس و ئیرەمیا) سەیری دەکات، کە بە مردنیان ئەرکیان کۆتایی هات، بەڵام ڕۆڵی محمد تائێستا بەردەوامە، چونکە وای داناوە کۆتا پەیامبەرە، لەوێدا محمد شوێنی عیسای گرتۆتەوە، بەمشێوەیەش محمد لەسەروی عیساوە دانراوە، ئەمەش هەمو شتێکی تێکداوە" (Luther، ٢٠١٨، ٢٩)، قورئان محمدی زۆر بەرزکردۆتەوەو تورکەکانیش باوڕیان وایە، کاری عیسا تەواو بووە، فەرمان بە محمد کراوە جیهان بهێنێتە سەر باوەڕی خۆی، ئەگەر جیهان ئامادە نەبێت بە شمشێر ناچاریان بکات(Francisco، ٢٠٠٧، ١٤٢).

ئەم بابەتەی لۆتەر لەبارەیەوە دواوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بیروباوەڕی باوەڕدارانی مەسیحی و تێڕوانینیان بۆ پێگەی عیسا هەیە ، کە تەواو جیاوازە لە تێڕوانینی ئیسلام بۆی، چونکە ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە عیسا کوڕی خودایە. خودا ئەگەر بیەوێت پەیامێك بۆ مرۆڤایەتی بنێرێت، ئەوا لەڕێگەی کوڕەکەیەوە(ڕۆحی پیرۆز)هوە دەینێرێت، بۆچی دوای ٦٠٠ ساڵ بەکەسێکی تردا دەینێرێت، بۆیە باوڕدارانی مەسیحی سورن هیچ کەسێك لەدوای کوڕی خودا نایەت، عیسا ڕزگارکەری جیهانە و هەر کەسێکیش لەدوای ئەو خۆی وەك ڕزگارکەر یان پەیامبەر بناسێنێت، ئەوا مەسیحی دەجاله و لەلایەن خوداوە نەنێردراوە، پێویستە بەتوندی دژی بوەستنەوە، بۆیە دەتوانین بڵێن کرۆکی ناکۆکی و بەریەککەوتنەکانی ئەم دو ئایینە ئەم بابەتەیە.

**سێیەم: تێڕوانینی لۆتەر بۆ بیروباوەڕی موسڵمانان:**

لەئەنجامی بەریەککەوتنی جیهانی مەسیحی و ئیسلام، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بەپێی تێپەڕبونی کات، هەریەکەیان شارەزاییان پەیداکردووە لەبارەی بیروباوەڕو داب و نەریتی یەکتری، لەلای لۆتەر هەروەك چۆن پەیامبەری ئایینەکە و قورئان وێنایەکی نەگونجاوی هەبو، بەهەمان شێوە سەرکۆنەی موسوڵمانان و بیروباوڕەکەیانی دەکرد. لەچەندین وتارو نوسراودا هێرشی دەکردە سەریان و پێی وابو، موسڵمانان هەمو یاساو نەریتەکانیان بێ بایەخە، ئەوان بکوژو زیناکارن(Forell، ١٩٤٦ ، ٦٨٤)، ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر سێ تەوەر دەکات و مەبەستیەتی تێکیبدات،

کە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتندراوە،ئەوانیش(ئایینی مەسیحی، بنەمای گشتی کۆمەڵگە، هاوسەرگیری و خێزان)(Euler ،٢٠١٩، ١٤٦).
لۆتەر دەڵێت: " جەنگ لەلای ئەوان هەموکات جەنگی پیرۆزە، شمشێر یەکسانە بەکوشتن، کە یاسای بنەڕەتی حکومەتە مەدەنییەکەی موسڵمانانە و بنەڕەتی فراوانخوازی ئیمپراتۆریەتەکەشیانە "(Luther ،٢٠١٨، ٥٨). لە بیروباوەڕو ئایینەکەیان کاری باش ئەوەیە، هێرشبکەی و بکوژی، ئەمەش لەلای ئەوان پاداشتی زۆری هەیە(Forell ،١٩٤٦ ، ٦٨٥). هیچ شانشینێك دروست نەبووە لەڕێگەی کوشتن و دزیکردنەوە هێندەی تورك بەهێز بوبێت، هەمو رۆژێك دەکوژن و دەدزن و لەناودەبەن، ئەمەش لەیاسایەکەیاندا فەرمانکراوە وەك کارێکی باش و خودایی، پێیانوایە، بەمە خزمەتی خودا دەکەن(Euler ،٢٠١٩، ١٤٧؛Francisco، ٢٠٠٧، ١٤٥ ).

مەبەستی لۆتەر لەو وێنایەی بۆ موسڵمانان، کە باس لە هێرشکردن و پاداشتدانەوە دەکات، ڕەخنە گرتنە لە بابەتی جەنگی پیرۆزو جیهاد، ئەوەش ڕونە لای ئەو بەهەمو شێوەیەك جەنگ لەبەر هەر هۆکارێك بێت، لەژێر ناوی ئایین ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە خوداو ئایین پێویستی بە پارێزگاریکار نییە، لە تەوەری پێشوتریشدا ئاماژەمان بۆکرد ئەو چەندین نمونەی دەهێنایەوە تەنانەت ڕەتی دەکردەوە پیاوی ئایینی لەژێر هیچ پاساوێك شەربکەن.
لۆتەر لە دەقێکیتردا سەبارەت بە ململانێی باوەڕی یەکتاپەرستی دەڵێت: " سەیری تورکەکان و محمد بکە چی کارێکی خراپیان کردووە، تەنیا بە بانگەشەکردن و شانازیکردن بە پەرستنی تاك خوداوەندی، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی تەنیا ئەو و شوێنکەوتوانی گەلی خودان لەسەر زەوی، بە گاڵتەجارییەوەش بە مەسیحییەکان دەڵێن سیانە پەرست، لەکاتێکدا ئێمە یەکتا پەرستین" (Luther ،w.d، ٢٧/٨، ٧٣).
بابەتێکیتر، کە زۆر سەرنجی لۆتەری ڕاکێشاوە و ڕەخنەی هەبو لە موسڵمانان، بابەتی هاوسەرگیری و فرەژنی بو، تەنانەت لە ساڵی(١٥٢٢ز)دا وتارێکی بەناونیشانی ( in the estate of marriage)نوسی، کە لە سێ بەش پێکاتووە، لەم وتارەدا مەرج و بەربەست و شێوازەکانی هاوسەرگیری ڕوندەکاتەوە(Luther ،٢٠١٠، ١-٥)، لەبارەی هاوسەرگیری موسڵمانان دەڵێت: " ئیسلام دامەزراوەی هاوسەرگیری لەناو دەبات، ئەویش بەڕێگەدان بە پیاوێك کە چەند ژنێکی هەبێت، لەهەر کاتێکدا بیەوێت لە ژنەکەی جیابێتەوە،ڕەنگە کەم هەبن سود لەم یاسایە وەربگرن، بەڵام ئەمە یاسایەو هەیانە، هەرکەسێك بیەوێت دەتوانێت پەیڕەوی بکات، بۆیە ئەمجۆرە هاوسەرگیریە پێی ناگوترێت هاوسەرگیری، چونکە ژن بۆ ئەو مەبەستە ناهێنن لەگەڵی بمێننەوە تاکۆتایی ژیانیان" (Luther ،٢٠١٨، ٣٤ ،٥٨) ، بۆیە ئەمجۆرە هاوسەرگیری و فرەژنییە دەبێتەهۆی لەناوبردنی ماڵ و بنەمای هاوسەرگیری(Henrich and Boyce ،١٩٩٦، ٢٥٤)، لەبەر ئەمە لۆتەر بەگاڵتە جارییەوە دەڵێت: دەتواندرێت بەم هاوسەرگیرییە بگوترێت (ژیانێکی ئازادانە لەگەڵ لەشفرۆشان)، چونکە مێردەکان وەك ئاژەڵ دەیانکڕن و دەیان فرۆشن، لەم باروودۆخەدا دەتواندرێت بە پیاوەکە بگوترێت(خانەخوێی ڕاوکەر)، هەر لەبەر ئەمە ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە پێشێلی عەقڵ و یاسای موساو ئینجیل دەکات(Euler ،٢٠١٩، ١٤٧-١٤٨)، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئیدانەی فرەژنی دەکرد، بەڵام ستایشی قدەغەکردنی زینا و هەوەسبازی دەکرد لەناو موسڵمانان، بەکارێکی باشی هەژمار دەکرد(Euler ،٢٠١٩، ١٤٧). تێڕوانینی لۆتەر بۆ شێوازی هاوسەرگیری لەناو ئیسلامداو وێناکردنی بەکات بەسەر بردن لەگەڵ لەشفرۆشان، پەیوەندی بە ڕوانگەی باوەڕی مەسیحیانەی خۆیەوە هەیە ، چونکە لەباوەڕی ئەواندا و لە وتارەکەی خۆی ئەوەی ڕونکردۆتەوە، تەنها یەك ژن و تاکۆتایی تەمەن ڕێگەپێدراوە بۆ پیاو،هەر شێوازێکیتریش لە هاوسەرگیری ڕێگە پێنەدراو و نەگونجاوە.
هەر لەبەر ئەم کۆمەڵە تێبینییەی کە هەیبوو، لۆتەر باوەڕی وابو، موسڵمانان دژ بەعەقڵ و ژیرین، تەکاکردن لێیان بۆ چاککردنی باوەڕیان بێ سودە(جورافسکی،١٩٩٦، ٨٣). (سکوت انتش هندریکس) یەکێکە لە توێژەرانی ڕۆژهەڵاتناسی و دەڵێت: "مارتن لۆتەرو هاوڕێکانی مەبەستیان بو باوەڕی موسڵمانان بگۆڕن بۆ باوەڕی مەسیحی" (هندریکس،٢٠١٤، ٩٩)، بەڵام گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی موسڵمانان هەرگیز باوەڕی خۆیان ناگۆڕن بۆ ئەوەی بچنە سەر ئایینی مەسیحی و ئەوان دڵەکانیان داخراوە(سوذرن،٢٠٠٦، ١٥١).
بەڵام ئێمە پێمان وانییە، لۆتەر هیچ هەوڵێکی دابێت بۆگۆڕینی بیروباوەڕی موسڵمانان، چونکە هیچ بەریەککەوتنێکی ڕاستەوخۆی نەبووە لەگەڵ موسڵمانان، یان سەردانی ڕۆژهەڵاتی نەکردووە، تەنانەت هیچ کتێب و وتارێکی ئاراستەی موسڵمانان نەکردووە، تا لە ڕێگەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکات و ئاگاداریان بکاتەوە، ئەوەی بەردەستە هەمو نوسراوەکانی ئاراستەی جیهانی مەسیحی و نەتەوەی ئەڵمانە.
سەرەڕای ئەوەی مارتن لۆتەر کۆمەڵێك ڕەخنەی توند ئاراستەی موسڵمانان دەکات، بەڵام لەیەکێك لە نوسراوەکانیدا بەڕونی پیاهەڵدانی بۆ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوان هەیە و دەڵێت: " پێویستە چاکسازی لەخۆمان بکەین بە گەڕانەوە بۆ ئینجیل، ناوبانگێکی ئابڕوبەرمان هەیە، دەوروبەرەکانمان بە چاوێکی کەم سەیرمان دەکەن، بە ئەڵمانییە سەرخۆشەکان ناومان دەبەن، چونکە ئەوان بەشی ئەوەندە توانای چاکەیان تێدا هەیە، خۆیان بەدوربگرن لە زیادەڕۆیی خواردنەوە بێ هۆشکەرەکان، تورکەکان لەم ڕووەوە دەروێش و پیرۆزی ڕاستەقینەن، چونکە گوێ ڕایەڵی فێرکارییەکانی محمدن لە خواردنەوەی شەراب و مادە بێ هۆشکەرەکان و سزای تاوانبارەکەش دەدەن وەك تاوانێکی گەورە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە سەربازی ئەوان باشترن لە سەربازی گەلە سەرخۆشەکەی ئێمە، لەکاتێکدا ئێمە لە زیادەڕەوییەکانمان ڕۆچوین ئەوان هێرشمان دەکەنە سەر، بەمشێوەیەش بەرگەی هێرشی تورکەکان ناگرین " (Luther ،w.d، ٢٦٣/٧-٢٦٤). سەرکۆنە کردنی گەلی ئەڵمان و پیاهەڵدان بە موسڵمانان لەلای لۆتەر یەك ئامانجی ڕونی هەیە، ئەویش ئاگاداریان دەکاتەوە هۆکاری سەرکەوتنی ئەوان پابەندبونیانە بە قورئان و تاکە چارەسەری ئێمەش گەڕانەوەمانە بۆ ئینجیل و وەك ئەوان بەتوندی وابەستەی بین.

### ٦. ئەنجام

لەکۆتایی نوسینی توێژینەوەکەدا چەند ئەنجامێك بەکورتی دەخەینەڕو:

١-بۆمـان دەرکـەوت تێڕوانینـەکانی مـارتن لۆتـەر تـەواو جیـاوازو تونـدترە بەرامبـەر بـە ئیسـلام بـەراورد بـە ڕۆژهەڵاتناسـانی پـێش خـۆی، تێڕوانینەکانیشـی تاڕادەیـەکی زۆر تێـڕوانینی زانسـتی نـین، چونکـە لۆتـەر بـۆ زانیـاری لە بارەی ئیسـلام پشـتی بەسـتووە بـە نـوسراوی ڕۆژهەڵاتناسـانی پـێش خـۆی، کـە ئـەوانیش پیـاوانی ئـایینی مەسـیحی بـون، واتا لەڕوانگـەی باوەڕی مەسـیحییەوە نوسرابـون و بێ لایـەن نـەبون، ئەمـە جگـە لەوەی خـۆی بەریەککـەوتنی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ موسـڵمانان نـەبوە و سـەردانی ڕۆژهـەڵاتی نـەکردووە تا زانیـاری ڕاسـت لەبارەیانـەوە کۆبکاتـەوە، بـە پێچەوانـەی زۆرێـك لە ڕۆژهەڵاتناسان، ئەمەش وادەکات، وێناکانی ئەو بۆ ئیسلام لاوازبێت.

٢- لەخوێندنـەوەی بەرهەمـەکانی لۆتـەر بـەڕونی ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت، ترسـێکی زۆر گـەورەی هـەبووە لە ئیسـلام، پێیوابـو، ئەگـەر بـەر لە فراوانخوازییـەکانیان نـەگیرێت، دەبنـە هـۆی کـۆتایی هـاتنی ئـایینی مەسـیحی، لۆتـەریش بـۆ وەسـتانەوە لە دژی ئـەم مەترسـییە، هـەمو تـواناى خسـتە گـەڕ وەك ناوزڕانـدن و سـوکایەتی پێکـردن و هێرشـکردنە سـەر پیرۆزییـەکانی ئیسـلام، تەنانـەت سـەرەڕای ئـەوەی دەیـزانی ئـەو قورئانـەی لەبـەر دەسـتییەتی کـەم و کـوڕی زۆری هـەبو و لاوازە، بـەڵام سـوربو لەسـەر بڵاوکردنـەوەی، بـۆ ئـەوەی بـۆ کۆمەڵگـەی مەسـیحی بسـەلمێنێت ئیسـلام ئـایینێکی ئاسـمانی نییـە و ئایینی توندوتیژییە.

٣- لۆتـەر زۆر زیرەکانـە تـوانی سـود لەوبارودۆخـە خراپـەی ئـەوروپا وەربگرێـت بەتایبـەتی هێـرشی دەوڵـەتی عوسـمانی و خـۆی وەك پەیامبـەرێك پیشـان بـدات، چونکـە بـەباشی بارودۆخەکـەی هەڵسـەنگاندبو دەیـزانی بـەردەوامی و سەرکەوتنەکانیشـی بـۆ چاکسـازی بەسـتراوەتەوە بـەم هێرشـکارییە، تـوانی باوەڕ بـە کۆمەڵگـەی مەسـیحی بهێنێـت هێـرش و کاولکارییـەکان بۆسـەر ئـەوروپا بـەهۆی خراپـی پاپـاو پیـاوانی ئایینییەوەیـە، لەهـەمان کاتـدا تـوانی ئیسـلام وەك دڕنـدەو خـوێنڕێژ بناسـێنێت و هاوشـێوەبونێکی تـەواویش لەنێوانیانـدا دروسـتبکات، بـە شـەیتان و دەجـال ڕایگەیانـدن، بەمـەش وای لە کۆمەڵگـەی مەسـیحیکرد هـیچ دەرفـەتێکیان لەبـەردەم نـەمێنێت جگـە لەوەی لۆتـەر بـە پێشـەواو ڕێنیشـاندەری خۆیان بزانن.

٤- بـۆ یـەکێك لە بنـەما سـەرەکییەکانی چاکسـازی لە نێـو ئـایین و کۆمەڵگـەی مەسـیحی لۆتـەر تـوانی سـود لە ئیسـلام وەربگرێـت ، چونکـە لۆتـەر پێیوابـو هـۆکاری بـەهێزی موسـڵمانان پابەندییانـە بـە قورئـان، بۆیـە ویسـتی کۆمەڵگـەی مەسـیحی ئاشـنا بکاتـەوە بـە ئینجیـل و هـانی دەدان، هاوشـێوەی موسـوڵمانان پابەنـدی قورئـان بـن و تـەنیا پشـت بـە ئینجیـل ببەسـتن و لێـی دورنەکەونـەوە و دەبێتە خاڵی بەهێزیان.

## ٧. لیستی سەرچاوەکان

بلفتش،أندرياس (٢٠١١)، أسطورة الشرق رحلة استكشاف، أبوظبي، تر: ابراهيم أبو هشهش، هيئة أبوظبي للثقافة والنشر.

جواد، نغم محمدعلي (٢٠١٣)، تاثيرات الديانة الكاثوليكية والبروتستانتية خلال القرن السادس وسابع عشر في العالم العربي, جامعة سانت كليمينتس.

جورافسكي، اليسكي(١٩٩٦)،الاسلام والمسيحية، تر: خلف محمد الجراد،الكويت،المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب.

خالد، محمد أبوخطب (٢٠٠٨)، مارتن لوتر والاسلام،الفاهرة،المجلس الاعلى للثقافة.

الخضرى، حنا جرجيس (د.ت)، المصلح مارتن لوثر حياته وتعليمه، قاهرة، دار الثقافة.

الدمشقي، يوحنا(١٩٨٤)، المئة مقالة في الايمان الأرثوذكسي، تر: أدريانوس شكور، بيروت:المكتبة البوليسة.

ديورانت ،وِل (د.ت)، قصة الحضارة(اللإصلاح الديني)، بيروت ،دار الجيل للطباعة والنشر،تر: عبالحميد يونس، مجلد ٢٤.

ساردار،ضياء الدين(٢٠١٢)، الاستشراق(صورة الشرق في الأداب والمعارف الغربية)، تر: فخري صالح، أبوظبي، هيئة أبوظبي للسياحة وللثقافة.

السباتين، راجح ابراهيم محمد(٢٠١٩)، مارتن لوثر بين التأثر بالإسلام ومعاداته في أراء علماء المسلمين، المجلة الاردنية للدراسات الاسلامية،مج ١٥.

سوذرن، ريشارد (٢٠٠٦)، صورة الاسلام في أوروبا في القرون الوسطى،تر: رضوان السيد، بيروت، دار المدار الاسلامي.

كانتور، نورمان ف (٢٠٠٩)، تأريخ الوسيط(قصة الحضارة البداية والنهاية) ،تر: قاسم عبدة قاسم ،مصر، دار العين.

هاغمن، لودفيغ(٢٠٠٤)، مسيحية ضد الاسلام حوار ينتهي الى الاخفاق،تر: محمد جديد، بيروت، قدمس للنشر والتوزيع.

هنتش، تيري(٢٠٠٥)،الشرق المتخيل، تر: غازي برو،القاهرة، دار الفارابي.

هندريكس، سكوت انتش(٢٠١٤)، مارتن لوتر مقدمة قصيرة جداً، تر: كوثر محمود محمد، مصر،هنداوي للتعليم والثقافة،.

هيركومر، هوبرت(١٩٩٩)، صورة الاسلام في التراث الغربي، تر:ثابت عيد، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع.

اليوسف، عبدالقادر احمد(١٩٦٧)، العصور الوسطى الاوروبية ٤٧٦-١٥٠٠، بيروت، المكتبة العصرية.

Awad, Najib George (2015), Orthodoxy in Arabic Tem A study of Theodore Abu Qurrah Theology in Islamic context, Berlin/Boston, De Gruyter.

Bainton, Poland. H, Alife of Martin Luther (W.D), New York, Abongdon-Cokesbury Press.

Eluer, Walter Andreas (2019), Nicholas of Causa and Martin Luther on Islam, Rivista Espanola de filo Sofia Medival,26/1

Encyclopaedia Britannica,١٨٧٨, Ninth Edition, Volume V.

Forell, George W. (1964) Luther and the War Against the Turks, Concordia Theological Monthly: Vol. ١٧.

Francisco, Adam s. (2007), Martin Luther and Islam A Study in sixteen century, Leiden and Boston, Brill.

Glick, Thomas (w.d), The Islamic and Christian Spain in the early middle ages, the library of Iberian resource online.

Henrich, Sarah and Boyce, James (1996), Martin Luther-Translations of Two Preface on Islam, word&world.

Lindsay, Tomas M. (2012), A history of the reformation, Principal of the United Free Church College, Glasgow, Vol.١.

Luther, Martin (1961), The Ninety-Five Theses, Tr: John Dillen- berger, Doubleday.

Luther, Martin (1997), Works of Martin Luther, (Treatise On Good Works 1520), Tr: W.A. LAMBERT, Ages Software, USA, VOL 1.

Luther, Martin (2010), The Estate of Marriage 1522, Tr: Walther I. Brandt.

Luther, Martin (2018), ON THE WAR AGAINST THE TURK 1529, Bryan Wolfmueller.

Luther, Martin (W.D), Works of Martin Luther ( Fifth Sunday After Easter. The Change of Our Mortal Body and the Destruction of Death), John Nicholas Lenker, AGES Digital Library,Vol.7.

Luther, Martin (W.D), Works of Martin Luther ( Third Sunday After Trinity.—Humility, Trust, Watchful ness, Suffering ), John Nicholas Lenker, AGES Digital Library,Vol.8.

Luther, Martin (W.D), Works of Martin Luther (Twelfth Sunday after Trinity Of the deaf and mute man ١٥٢٢),T3: John Nicholas Lenker, AGES Digital Library, Vol.٤.

Luther, Martin (W.D), Works of Martin Luther(The third Christmas Sermon), John Nicholas Lenker, AGES Digital Library,Vol.60

Luther, Martin(1995), Vermahnung zum Gebet wider den Türken 1541, Ausgewählte Schriften.

Marty, Martin(2004), Martin Luther, New York, Viking Penguin.

Wolf, Kenneth. (W.D), Christian martyrs in Muslim Spain, the Liberian resource online.

---

(i) مارتن لۆتەر لەنوسینەکانیدا چەند دەستەواژەیەکی بەکارهێناوە، بۆ ئاماژەکردن بە ئیسلام، وەك (محەمەدییەکان، سەراسینەکان)، بەڵام لەهەمویان زیاتر تورکەکانی بەکارهێناوە، هەرچەندە دەشیزانی هەمو تورکەکان موسوڵمان نەبون، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە نوسینی ئەم قۆناغەدا ناوی تورك یەکسانە بە ئیسلام(Fransisco,٢٠٠٧, ١٠٩)

(ii) ئەمە ناونیشانی ئەو تێزەیە، کە لۆتەر لە (٣١ی نۆڤێمبەری ١٥١٧ز) لەدەرگای کڵێسای ویتنبێرگ هەڵیواسی و لەوێوە بە ئاشکرا ناکۆکییەکانی لەگەڵ کڵێسای کاثۆلیکی و پاپا دەستپێیکرد، ناوەڕۆکی تێزەکە لە ٩٥ خاڵ پێکهاتبو، بەگشتی ڕەت دانەوەو بەگژداچونەوەی هەڵوێست و کارەکانی پاپا بو بەتایبەتی ، لە خاڵی (٥ و ٦) دا ئەوەی ڕونکردبۆوە پاپا ناتوانێت چارەنوس بگۆڕێت، بۆ زانینی ناوەڕۆکی تێزەکە بڕوانە(Luther,١٩٦١,1-5).

(iii) لە خوێندنەوەی نوسینەکانی لۆتەر دەگەینە ئەو باوەڕەی، لەپاڵ خۆشەویستی بۆ ئاینی مەسیحی ئەو کەسێکی تەواو نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرە، چونکە لە تەواوی نوسینەکانیدا جەخت لەسەر پارێزگاریکردن لە ئەڵمانیا دەکاتەوە، هەرچەندە بەپێی هەمو پێوەرەکانی ستراتیژی و سیاسەتی بەرژەوەندی دەبوو تورکەکان و لۆتەر هاوپەیمان بن، چونکە هەردوکیان دوژمنی پاپا بون و هاو بەرژەوەندی بون، بەڵام دڵخۆشی لۆتەر بەهاتنی تورك دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، لۆتەر بەباشی ئەوەی دەزانی جێبەجێکردنی پلانەکانی چاکسازی بەستراوەتەوە بە هێرشی تورك بۆ سەر ئەوروپا، چونکە ئەگەر دەستیان بەتاڵ بوایە دەیانتوانی ڕێگریکی گەورەبن لەبەردەم هەنگاوەکانی چاکسازی.

(iv) تێگەیشتنی لۆتەر بۆ شەیتان، تێگەیشتنێکی تەواو جیاوازە، چونکە باوەڕی وایە، شەیتان هی خودایە، لە هەوڵەکانی بۆ ڕوبەڕونەوەی خودا لە کۆتاییدا خزمەتی خودا دەکات(Forell,١٩٤٦ , ٦٨٢).

(v)یوحەنا لەدەوروبەری ساڵی ٦٧٥ز لە دیمەشق لە بنەماڵەیەکی ئاینی لەدایکبووە، لەبارەی ڕەچەڵەکی بۆچونی جیاواز هەیە، باپیری سەرۆکی دیوانی دارایی بووە لەسەردەمی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، نوسینی زۆری هەیە لەبوارەکانی لاهوت و فەلسەفەو هۆنراوە و ئاوازی ئاینی، زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە، چونکە بەشی زۆری ژیانی لەناو موسڵمانأندا ژیاوە و نوسینەکانی ئەو لەدوای مردنی دەبنە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئیسلام، لە ساڵی ٧٥٠ز کۆچی دوایی کردووە(الدیمشقی،١٩٨٤، ٣٦).

(vi)لە ساڵی ٧٥٠ز لە شاری ڕوها لەدایك بووە، لە وڵاتی شامدا ژیاوەو ئەسقوفی شاری حەران بووە، بەیەکێك لە دیارترین نوسەرانی مەسیحی دادەندرێت کە زمانی یۆنانی و سریانی و عەرەبی زانیووەو بەم زمانانەش نوسراوی بووە، شارەزاییەکی باشی دەربارەی ئاینی ئیسلام هەبووە(Awad,٢٠١٥ ,٨).

(vii) نوسەرو موژدەدەرو ڕاهیبێکی دۆمینیکی بو،لە ساڵی ١٢٤٣ لەدایکبووە، لەدەوروبەری فلۆرەنسا ژیاوە، ماوەیەکی زۆر سەردانی ڕۆژهەڵاتی کردووە بەمەبەستی موژدەدەری و بانگەشەی ئاینی مەسیحی، بەرهەمەکانی لەبارەی ئیسلام گفتوگۆیەکی توندی بەدوای خۆیدا هێنا لەسەدەکانی ناوەڕاست، لەساڵی(١٣٢٠ز) کۆچی دوایی ~~کردووە~~ Encyclopedia Britannica,١٨٧٨ ?V,p,).

(viii) یەکێکە لە پیاوە ئاینیە دیارەکانی ئیسپانیا، ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە هاندانی مەسیحییەکان بۆ وەستانەوە دژی ئیسلام و هەر بەهۆی سوکایەتیکردن بە موسڵمانان لە ساڵی ٨٥٩ز لە کۆردوبا کوژراوە(wolf,w.d,٥).

(ix) لەشاری کۆردوبا لەدایکبووە، لە کڵێسای قەدیس زویل قەشە بووە و هەر لەوێ چاوی بە ئەلڤارۆس کەوتووە و زۆر کاریگەر بون بە بیری یەکتر، بەوە ناسراوە تێڕوانینەکانی زۆر توندبو بەرامبەر موسڵمانان(Glick,w.d,٣)

(x)ئەوەی لۆتەر لەبارەیەوە دواوە، دیارە مەبەستی (سورة النساء أیة ١٥٧-١٥٨)ه، لەوێدا باوڕی ئیسلام بۆ لە خاچدانی عیسا ڕونکراوەتەوە.